# بەڵێ، بۆ سەربەخۆیی کوردستان!

**سەمیر نوری**

دوو شیعاری "بەرپا کردنی ریفراندۆم لە کوردستان" بۆ یەکەلاکردنەوەی ریشەیی کێشەی ستەمی میللی لە کوردستان و "سەربەخۆیی کوردستان " دوو شیعاری کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە لە دە سالی رابردوودا و هیچ تەرەف و لایەنێکی تری پێ ناناسرێتەوە ، هەرچەندە ئۆپۆرتوێنستانە خۆیٚ پێیدا هەلبواسرێ .

بۆ یەکەم جار ئەم رێگا چارەیە لەلایەن مەنسوری حکمەتەوە خرایە روو لە پلاتفورمێکی زۆر رۆشن و هەمەلایەنەدا، لە بەرامبەر شیعاری کۆنەپەرستانەی "فیدرالیەتدا" کە شیعارو پلاتفۆرمی ناسیۆینالیزمی کورد بووە تا ئێستاش بە غەیری ئەو پلاتفۆرمە شتێکی تریان نییە، هەرچەندە بالی چەپی ئەم بزووتنەوەیە و رشنفکرانی ناسیۆنالستی کوردی هەولی خۆهەلواسین بە پلاتفۆرمی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمەکەیەوە بدەن .

کۆمەلگەی کوردستان کۆمەلگەیەکی چینایەتیە و کێشمە کێشی چینایەتی مۆرکی ناوەو دەنێت بە هەموو رووبینای ئەم کۆمەلگەیەوە مەفهومی "خەلك" لە دنیای واقعدا جێگایەکی نەماوە، جێگەی خۆی داوە بە بۆرجوازی و کریکار و و دوو شەقە بووە و ئیتر " کوردەواری دەواریٚ " نییە کە هەموو خەلکی کوردستانی لە ژێردا جێی ببێتەوە . ئەم پانزە سالەی دوایی مێژووی کوردستان زۆر بە رۆشنی ئەمەی پێشان داوە ، چی لە ئاستی ئایدیولوژی و ئەفکارەوە و چی لە رووی بوونی بزووتنەوەی سیاسی و تەحزوبەوە تا دەگات بە تەرحی دەسەلاتداریەوە . کوردایەتی و ناسیونالیزم و بەرەی کوردستانی و مافی ئۆتونۆمی و فیدرالیەت و دامەزراندنی پەرلەمان و تا دەگات بە شەری "براکوژی" و ژن کوشتن و راکێشانی لەشکری بەعس و تورکیا و ئیران بۆ قولایی کوردستان و پشتوانەی بێدرێخی ئەمەریکاو یاوەر و عەلاوی، ئەمانەی پلاتفۆرم و کارنامەی بورجوازی کورد و ناسیۆنالیزم بزووتنەوە بۆرجوازیەکانی ژێر دەواری کوردایەتی پێکدەهێنن . کۆمۆنیزمی کرێکاری و بزووتنەوەی شورایی و دەسەلاداریتی شورایی و رێکخراوە کرێکاریەکان و تەحزوبی سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ریفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان و شیعاری هێزەکانی بەعس بۆ دەرەوە ، دیفاع لە ژنان ومندالان و یەکسانی ژن و پیاو وەستانەوە لە دژی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی و سیناریۆی رش، پلاتفورم و کارنامەی چینێك و بزووتنەوەیەکی ترە و کە دەواری کوردەواری دراندووە و لە ژێر چەتری نیونەتەوەیی و بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکاری جیهاندا هەنگاو هەلدەهێنیتەوە و چیتر مەفاهیمی وەك "خەلك" و دەواری کوردەواری و ناتوانیٚ جلەوی بکات .

رێگا چارەی کێشەی میللی لە کوردستانی عێراقدا لە نیو سەدەی رابردوودا بە دەستی ناسیۆنالیزمی کوردەوە بووە و خاوەن دەیان هەزار قوربانی یە و هەمیشە وەك قورسی تەلەفۆن خەلکی کوردستان پالیان پێوە ناوە تا گەیاندوویەنەتە ئەو سەر،بەلام ناسیۆنالیزمی کورد لەیك رێك کەوتن و بەندو بەستدا لەسەر سفرەکەی جایکی تر رایانی گرتووە . ناسیۆنالیزم نانی لە گەرانی ئاشی ئەم زولمەدا بووە بەدرێژایی چەند دەیەی رابردوو ، هیچ وەختێك چارەسەری شۆرشگێرانەو رادیکالانەی نەخستووەتە روو، تاکتییکی " مفاوەزات –جەنگ – مفاوەزات " بۆ دەستەبەر کردنی ئۆتۆنۆمی راستەقینە و لەم سالانەی دوایشدا فیدرالیەت، سیاسەتی بەردەوامی بووە و لە سەر حیسابی ئەم کێشە واقعیە بۆ تەعریف کردنی خۆیٚ و جێگەو رێگەو بەشی ئەو لە چەوسانەوەی بە تالان بردنی ودەس رەنج و کاری کرێگرتەی هەرزانی کرێکاری کوردستاندا .تیژکردنەوە و دەمەزەرد کردنەوەی دەمارگیری قەومی لە بەرامبەر کرێکارانی عەرەب زبان تورکمان زبانی عێراقدا بە شێك بووە لە وەزایفە سەرەکیەکانی بەبیٚ ئەمە کاری ئەو ئاسان مەیسەر نەدەبوو .

جیابوونەوەی کوردستان لە رێگای بەرپا کردنی ریفراندۆمیکی سەراسەریەوە لە کوردستان ، یەکەم جار لەلایەن مەنسوری حکمەتەوە تەرح کرا لە سالی 1995 دا بۆ جارەسەری ستەمی میللی لە کوردستان و چارەسەر کردنی هەلواسراوی ئەوزاعی سیاسی کوردستان کەئەو کاتە نە خۆیٚ دەولەت بوو و نە بەشێك بوو لە دەلەتێکی مەرکەزی ، کە ئەمە رێگە چارەی دەستبەجێی کۆمۆنیستەکان بوو بۆ وەلام بەم کێشەیە .

ئایا بە دوای روخانی رژیمی بەعسدا کە دەولەتێکی قەومی و فاشستی بوو ، خەلکی کوردستان بە دەرەجە دوو دەژمێران لەو دەولەتەدا ، ئایا جیابوونەوەی کوردستان رێگا چارەیەکی دروستە؟ لە بەرژەوەندی چینی کرێکارو زۆرایەتی خەلکدایە ؟ وە لە سەر چی بنەمایەك ئەمە دروستە؟ تەرحی کۆمۆنیستەکان بۆ ئەو دەولەتە چییە، چی جۆرە دەلەتیك زەمانەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکات؟ ئایا ئەمەریکا و دەولەتەکانی ناوچەکە رێگا بە جیا بوونەوە دەدەن؟ شیعاری ریفراندوم پێش هەلبژاردن لە عێراقدا کۆمەك دەکات بەم تەرحە؟ ناسیونالیزمی کورد ئەم هەلە

ناقۆزێتەوە و حکومەتی قەمی دانامەزرێ؟ ئەم ریفراندۆمە لە ژێر چاودێری چ تەرەفێکدا بەرپا بکرێت؟ ئەمانەو چەند پرسیاری تر کە پێویستە وەڵام بدرێنەوە بە شێکی سەرەکی سەرلەوحەی پلاتفۆرمیکی هەمەلایەنەی ئەم دەورەیەی ئەوزاعی سیاسی کوردستان پێکدەهێنن.

**ریفرندوم بۆ جیابوونەوەی کوردستان:**

گەرانەوە بۆ رەئی خەڵکی بۆ وەڵام بەم پرسیارە پێش ئەوەی وەڵام بێت بە پرسیاری حەللی کێشەکە وەڵامی مەسەلەیکی ترە ئەویش ئیعتبار قایلبوونە بۆ ئیرادەی خەڵك و دانەوەی مافێکە کە بۆرجوازی لە مێژووی سیاسی خۆیدا خۆیٚ کردوە بەدەم ڕاستی خەڵك بەبێ گۆیدانە ئیرادەی ئەوان، هەروەختی شنەبای"دیموکراتیەت" بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا هەڵیکردبێت یان یەکیٚ لەدەوڵتەکانی ناچەکە داوای کردبێت لیٚان یان بەرژەوەندیە سیاسیەکانیان وای خواستبێت ئەوان شەڕیان کردوە یان رێگای بەغدایان گردتووەتە بەر بۆ گفتو گۆ و لا ملی سەدام یان عبدالسلام عارف یان ئەحمەد حەسەن بەکریان لستووەتەوە .بەلاّم بۆ کومونیزم سەلماندنی ئەم حەقە و گێرانەوەی ئیرادەی لیٚسەندراوی خەڵکەو یەکەم هەنگاوە لە چارەسەرکرنی کێشەکە . وەڵامی پرسیاری دواتریش دەتوانریٚ لیٚرەوە بۆی و بچیت وڵامی پیٚ بدەیتەوە . ئایا ئەگەر لە ڕاپرسیدا کریٚکارانی کوردستان دەنگ بەجیابوونەوە لەعیٚراقدا بە بەڵیٚ بدەنەوە، ئایا چی دەسکەوتیٚکیان دەبیٚت؟ ، یان بەمانایەکی تر چەندە لە سۆشیالیزم نزیکیان دەکاتەوە یان دوریان دەخاتەوە ؟

لەراستیدا ئیٚستا حکومەتیٚکی سەرکوتگەری لە چەشنی بەعس لە سەر کار نییە و خەڵکی کوردستان بە عنوانی کورد بوون وە یا هاوڵاتی دەرەجە دوو ناچەوسێنەوە لە عیٚراقدا، بە عس گۆری گوم بوو ، بەڵام ئەوەی خەتەرناکە بۆ کوردستان یەکەم کیٚش کردنی کوردستانە بۆ ناو سیناریۆیەکی ڕەش و تاریك کە سەرا پای عیٚراقی داگرتووە جگە لە کوردستان و کوچە وکۆلانی عیٚراق نەماوە نەگۆرابیٚ بۆ مەیدانی جەنگی تیرۆرزمی ئیسلامی و ئەمەریکا، دەرکیٚشانی کوردستان لەم ئەزاعەو رزگار کردنی بەشیٚکی خەڵکی عیٚراق لە خەتەری ئەم ئاگری جەنگە و تەحویل کردنی بۆ سەکۆیەك و بنکەیەکی ڕەخنەی جددی وپرتیکی لەو ئەوزاعە، کە ئیمکانی هەیە، نەك خەڵکی کوردستان لەم جەنگە دوور دەخاتەوە، بەڵکو دەیکاتە بنکەیەك بۆ گۆرینی سەرجەم عیٚراق و پیٚشاندانی ریٚگایەك بۆ دەرباز بوون لە سیناریۆیەك کە تەڕ و ووشکی پیٚکەوە ئاگر تیٚبەرداوە .

دووەم ناسیونالیزمی عەرب و کۆنە بەعسیە هەلاتووەکان و چەقۆ و تەور بەدەستەکانی ئیسلامی سیاسی بەبلاّو کردنەوەی ژەهراوی دژی کورد لەناو ئەو ناوچانەی کە نفوز و حەشارگەیانە وەزعیەتیٚکیان خولقاندوە ، سەربڕینی و لەت پەتکردنی خەڵکی کورد زمان بووە بەکاریٚکی ئاسان و بووە بە بەشیٚك لە ناسنامە بەرگری نشتمانی لە دژی داگیر کەرو بە کریٚگیراوەکانی . ئەمە لە کاتیٚکدایە شانسی هاتنە سەرکاری حکومەتیٚکی سکۆلاری غەیرە قەومی لە عیٚراقدا نەك تەسور ناکریٚ بەڵکو بەهەموو معیاریٚك ئەمەریکا نەخشە بۆ هاتنە سەرکاری حکومەتیٚکی قەومی – ئیسلامی دەکیٚشی، کە یەکەم هەنگاوی بۆ سەقامگیر بوونی خۆی سەرکوتی خەڵکی کوردستان دەخاتە دەستووری کارەوە .

بەم دەلیلانە جیابوونەوەی کوردستان لە عیٚراق، لە لایەك بەشیٚکە لە ڕبەروو بونەوەی سیناریۆی ڕەش و لە لایەکی تریشەوە ریٚگە دەگریٚت لە ئەگەری ڕوودانی شەری قەومی و پیٚکدادانیٚك کە هەموو رۆژە و هەموو چرکەیەك ئیمکانی ڕوودانی هەیە . ئەمە یەك تەرحی کۆمۆنستییە و لە بەرانبەر ناسیونالیزمدا و داریٚك کە چەنای چەن ساڵە کۆمۆنیستەکانی پیٚ بیٚ ئیعتبار دەکەن لەدەستیان دەکەویتە خوارەوە و چینی کریٚکارو کۆمۆنیستەکان دەست پڕ دەکات لە بەرامبەر بۆرجوازی کوردستاندا.

**دەسەڵات داریٚتی شورایی زامنی دامەزراندنی حکومەتیکی سکۆلاری غەیرە قەومییە:**

پەرلەمانی کوردستان کە تەرحی ناسیونالیزمی کورد بوو و لە پشتیوانەیەکی جەماوەری بەهرەمەند بوو نەك نەیتوانی کیٚشەی خەڵکی کوردستان حەل بکات بەڵکو بووە منبەریٚك بۆ بیٚ ئیرادە کردنی خەڵك و شەرعیەت دان بەدەسەڵاتی ناسیونالٚ – عەشیرەتی کوردستان و منبەری بەرپاکردنی کوشت وکوشتار و بیٚ مافی ژنان و کریٚکاران و جیٚگای یەکالاّ کردنەوەی بەرژەوەندی و شەرە کورسیەکانی باڵەکانی بورژا– عەشیرەتی ناسیوناڵیزمی کورد . شوراکان کە ئەڵتەرناتیڤی حکومەتکرنی کریکاران جەماوەری بەرینبەوسوونەتیٚکی شۆرشگیٚرانەی کۆمۆنیستیەلە کوردستاندا خاوەن تەجروبەیکی زیندووە ، شۆراکانی ئازار کە چەند هەفتەیەك ژیانیان کرد و تەنها توانیان لە چەند مەوردا پلاتفۆرمی خۆیان بدەن توانیان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئیرادەی واقعی و ڕاستەو خۆی هەزاران هەزار کریٚکارو زەحمەتکیٚشی کوردستان بن و دەسەڵاتیٚك دابمەزیٚنن کە ئیرادەی واقعی زۆرایەتی جەماوەری کوردستان زامن بکات .

پەرلەمان ناتوانی ئیرادەی سەدان هەزارکەسی بیٚنیٚتە مەیدان و لە چارەنووسی سیاسیاندا دەخیلیان بکات، بەڵکو بە عکسەوە ڕابردووی ئەم تەجروبەیە پیٚشانی داوە ئەمە تەرحی کەمایەتیەکی کوردستانەو دەوری هەیە لە بیٚ هیوا کردنی خەڵکدا بۆ دەوربینین لە چارەنووسی کۆمەڵگەدا، بەدیلیٚکە نەك سکۆلاریزم جیٚ ناخات بەڵکو لەبلاّوکردنەوەی ژەهراوی دین وخورافەی دینیدا و لە بلاّو کردنەوەی کۆنەپەرستی و قەومپەرستیدا دەستیٚکی بالاّی هەیە .

دامەزراندنی حکومەتێکی سکۆلاری غەیرە قەومی تەنها لە ڕێگای هینانە سەرکاری ئیرادەی ملیۆنی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشەوە دەبێت کە ئەوەش بەبێ شوراکان و دەسەڵاتدارێتی شوراری ئیمکانی نی یە، ئەمەش هەنگاوێکە بەرەو سۆشیالیزم .

**شیعاری ریفراندوم پێش هەڵبژاردن:**

پوچی ناوەڕۆکی ئەم شیعارە لەوێەوە دەستپێدەکات کە پێی وایە هەڵبژاردن هەموو شت دەبرێنێتەوە لە عێراقداو حکومەتێکی سەقامگیر دروست دەبێت ئیتر ڕێگایەك بۆ" کورد" وەك" میللەتێك" نامێنێتەوە تا بتوانی حکومەتی خۆێ دامەزرێنی .سەرەڕای ئەوەی ئەم تەسویرە ئاو لە چی کانیاوێك دەخواتەوە ،رەخنەی لەوێوە دەست پێناکات کە ئینتخابات خۆی بەرجەستەی سیناریوی ڕەش دەکات، نەك حەل و فەسلی کیشەکان ناکات بەڵکو دەبیاتە قۆناغێکی زۆر خەتەرناکەوە . زیاتریش تەوهومێکی هەیە کە ئەمە فرسەتێکە و دەبێ بقۆزرێتەوە"کورد" شتێك بەشتێ بکات . جیابوونەوەی کوردستان وەڵامە بە نەفی کردنەوەی سیناریوی ڕەش و یەکێکە لەو ڕێگایەنەی کە خەڵکی بتوانن بە کەمترین زیانەوە لێی بێنە دەرەوە، ئەگەرچی چوارچێوەکەی مەسەلەی مللی خەڵکی کوردستان بێت .

**پرۆسەی بەرپا کردنی ریفراندۆم:**

سەرەڕای ئەو ئیدعا خەڵك هەڵخەڵەتینەرانەی ناسیۆنالیزمی کورد سەبارەت بە ئەمەریکا کەوا پشتیوانەی کوردە، بەڵام حەقیقەتە تاڵەکان پێچەوانەی ئەوەی بەخەڵك پێشانداوە . ئەمریکا یەکێکە لەو هێزانەی کە جیابوونەوەی کوردستان لە بەرژەوەندی نی یە یان لە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانی نییە و دەوڵەتەکانی ناوچەکەش ئەوەیان لە دانشتنەکانی شەرم الشیخ پێشاندا و پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق لە بەرامبەر کوردستاندا خراوەتە ڕوو پێش هەموو شوێنێکی تر لە عێراقدا .سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا هێزێکی خولقێنەری سیناریۆی ڕەشە لە عێراقدا لە هەمان کاتدا یەکێکە لە فاکتەرەکانی ڕێگرتن لە جیابوونەوەی کوردستان، دەرپەڕاندنی هێزەکانی ئەمەریکا و جێ گرتنەوەی بە هێزەکانی ئاشتی پارێز لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا فرسەتێکی لە بارتر دەخولقێنی بۆ تەحقیقی جیابوونەوەی کوردستان . لە ژێر چاودێری هەمان هێزدا دەتوانرێت ڕاپرسی ئەنجام بدرێت و لە شەرعیەتی نێو دەوڵەتیش بەهرەمەند بێت .
تەحقیقی جیابوونەوەی کودرستان ودامەزراندنی حکومەتیکی سکۆلاری غەیرە قەومی لە گرەوی هاتنە مەیدانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستاندایە و بەبێ ریزی سەربەخۆی چینایەتی ئەوان لەبەرامبەر بورژوازی کوردا ئیمکانی نییە . بورژوازی و ناسیونالزمی کورد کومەڵگەی دواکەوتوو و عەشیرەتی ، سەرکوتی ژن، و بڵاوکردنەوەی ژەهراوی دین و کردنەوەی مزگەوت و حسینیە و و بەندو بەستی پشت پەردەو یاریکردن بە چارەنووسی خەڵك پلاتفورمیانە .
شیعاری سەربەخۆیی کوردستان شیعاری ئەمرۆی کرێکارانی کوردستانە ، هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بە هەر زمانێك قسەبکەن ، ئەم تەرحە لە بەرژەوەندیاندایە و دامەزراندنی دەوڵتی سکۆلاری غەیرە قەومی لەم بەشەی عێراق کۆمەك دەکات بەوەی بەرە لە ژێر پێێ ناسیونالیزم دەربکێشرێت و بارو بارخانەی لە کوردستان بپێچریتەوە و کوردستان بگۆرێ بە سکویەکی شۆرشگێرانە لە ناوچەکەدا . کرێکارانی عێراق لە دوو سەرەوە لە بەرژەوەندیاندایە لەم تەرحە دیفاع بکەن ،یەکەم رزگاریان دەبێت لە کێشمەکێشی قەومی و دمارگیری قەومی کو بەسەربندا تەحمیل کراوە و فرسەتێکی ئازادانە دەخولقێت بۆ یەکگرتنێکی ئازادانە و ئاگاهانە . دووەم کوردستان دەبیتە پشتیوانەیەکی بە هێز بۆ دەرباز بوون لە سیناریۆ رەش و هەنگاو هەڵهێنانەوە بەرەو دنیایکی باشتر شایەستەی ئینسان نەك تەنها لە کوردستان بەڵکو لەسەراسەری عێراقدا .